## ياسای حزبەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق لە گەڵ هەمواركردنەكانی

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستان**

**ژمارە بڕیار: ٤٢**

**بەرواری بڕیار:١٩٩٣/١٠/١٨**

**بە پێی حوكمی بڕگەی ( ١ )لەماددەی ( ٥٦ )ی یاسایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ وەلەسەر پێشنیازی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عیراق. ئە نجومەنی نیشتمانیكوردستانی _عیراق لەدانیشتنی ژمارە ( ١١ )ی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٠ دا بڕیاری دەركردنی ئەم یاسایەی دا.**

### یاسایی ژمارە ( ١٧ ) ی ساڵی ١٩٩٣ی هەمواركراو

### ( یاسایی حزبەكانی هەرێمی كوردستانی - عێراق )

**ماددەی یەكەم /**

**حزب ڕێكخراوێكی سیاسی خاوەن كەسایەتیەكی مەعنەویەو لەیەكگرتنێكی ئیختیاری پێك دێت لەنێوان كۆمەڵە كەسانێكی سروشتیدا كەچەند بیرو باوەڕو ئاما نجێكی هاوبەشی ڕاگیەنراولە پرۆگرامی حزبداكۆیان دەكاتەوەو هەوڵدەدەن بەڕێوشوێنی د یموكراتیانە بەدییان بهێنن.**

**ماددەی دووەم /**

**١. هەرهاووڵاتیەك لەهاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەمیشەیی ئەم هەرێمە، ئەوانەی كەمەرجەكانیان تێدا فەراهەمە مافی بەشداربوونی دامەزراندنی حزب گەلیان هەیە *[٢]**

**٢. هەر هاووڵاتیەك لەهاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانی عیراق یا هەر كەسێك نیشتە وڵاتی ( اقامە ) یا هەمیشەیی تیدا هەبێ و ١٨ ساڵی تەمەنی تەواو كردبێ و لێهاتیی یاسای هەبێت ( الاهلیە القانونیە ) مافی چونەناو هەر حزبێك و لێكشانەوەی بە پێی پەیڕەوە ناوخۆكەی هەیە**

**ماددەی سێیەم/**

**سەربەستی دامەزراندی حزبەكان مسۆگەرەو هەر حزبێك بۆی هەیە بەتەواوی بەسەربەستیەوە چالاكی خۆی بنوێنێ و ئەم یاسایە پارێزگاری لەوە دەكات.**

---

[٢] بەپێی دەقی ماددەیەكەم لە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ یاسای دووەمین هەمواركردنی یاسای حزبەكان ئەم برگەیە هەمواركرا .

**ماددەی چوارەم/**

**مەرجی بیروباوەڕو ئاما نجەکانی حزب ئەمانەی تێدابێ:**

**١ـ چەسپاندن و پەرپێدانی ئەو ماف و دەستکەوتانەی گەلی کوردستانی عیراق بەدی هێناون.**

**٢ـ چەسپاندنی بیرو باوەڕی دیموکراتی و ڕێز لێگرتنی ئەو مافانەی مرۆڤ کە لەراگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤو پەیمان و باوەڕنامە و بەیاننامە نێو دەوڵەتیەکاندا دیاری کراون، لەو ماوە دیاری کراوەی بڕگەیەکی سەرۆەودا بگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەران بۆ تەواوکردنی کەم و کوڕیەکانی و لەگەشت حاڵێکدا نابێ داخوازیەکە لەیەك جار زیاتر بگەڕێنرێتەوە.**

**٣ـ بەدیهێنانی ئاما نجەکانی بەڕێوشوێنی ئاشتیانە و دیموکراتیانە و باوەر هێنانن بەدەست باو دەستکردنی دەسەلات ( تداول السلگە )بە پێی پەنابردن توندو تیژی و ئیرهاب و لەخشتەبردن.**

**٤ـ بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتیانە لەژیانی حزبایەتیدا.**

**٥ـ بلاو کردنەوەی دوبەرەکی و جیاوازی لەرەگەزو ئاین و مەزەبدا.**

**6.بە مەرجێ بەرنامەو پێرۆ ناوخۆییەکەی پێچەوانەی پێروی گشتی نەبێت .***[2]

**ماددەی پێنچەم/**

**حزب پابەندی ڕێزلێگرتنی ماف وسەربەستیەکانی هاولاتیان و حزبەکان و رێکخراوە پیشەیی و میللی یەکان دەبێ.**

**ماددەی شەشەم/**

**بۆ دامەزراندنی حزب وچالاکی نواندن مەرجە .**

**١.داواکارییەکی نووسراو دەدرێت بەوەزیری ناوخۆ کەئەندامانی دامەزرێنەر واژۆیان کردبێ و لە ( ٥٠ ) ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسین بەتەواوی و بەباشی بزانن و تەمەنیان لە( ٢٥ ) ساڵ کەمترنەبێ و، هاولاتیانی دۆستیش کەژمارەیان لە ( ٥٠٠ )هاولاتی کەمترنەبێت زۆرینەیان خوێندنەوە و نووسین بەباشی بزانن و تەمەنیان لە ( ١٨ )کەمتر نەبێت و، ئەندام و دۆستیش نابێ بەتاوانێکی یان کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم درابن و، ناشبێ لە تاوانگەلێکدا بەشدار بووبن کەدەسەلاتی سەرکوتکار پیلانی لەکوردستاندا بۆ دانابێ. یان ئە نجامی دابێ، پێویستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ و لەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکەو پێڕۆی ناوخۆشی پێوەبێ.***[3]

**٢.داخوازیەکەی برگە( ١ )ی بڕگەی سەرەوە ناوو لەقەب تەمەن پیشەو شوێنی نیشتە جێی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری وهەردۆستێکیشی تێدابێ لەگەڵ ناوی حزبەکە کە نابێ وەك ناوی هیچ حزبێکی تر بێ.***[4]

**٣ .دەستەی دامەزرێنەر پێویستە هاولاتی گەلێکی تێدابێ بە نیشتیمان پەروەر ناسراو بن، و لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا هەبووبێت، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی**

---

[2] ئەم برگەیە زیادکرابۆ یاساکە بەپێی دەقی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٧)یسالی ٢٠٠٢ یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان.

[3] بەپێی دەقی ماددەی سێ یەم برگەی (١) لە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵ ٢٠٠٢ یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان برگەی یەکەم لەمادەی شەشەم هەموارکرا بەم شێوەیەی سەرەوە .

[4] بەپێی دەقی ماددەی سێ یەم برگەی (٢) لە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵ ٢٠٠٢ یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان برگەی دووەم لەمادەی شەشەم یاسای ژمارە (١٧)هەموارکرا بەم شێوەیەی سەرەوە .

بێ کە ئەوانەی دەیانەوێت بەدڵ هاوبەشی لەفەرمانی نیشتمانیدا بکەن و هاوبەش بوونی هاوڵاتیانیش لەژیانی سیاسی هەرێمدا لەچوارێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی تایبەتیدا ڕێك بخەن، تێبینی جۆراو جۆری جوغرافی نیشتەجێ بوون و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ. *[5]

**ماددەی حەوت/**

١. پێویستە وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێت کەداواکاری دامەزراندنەکە ئەو مەرجانەی بەجێهێناوە کە دەقەکانیان لەماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، لەماوەی (٩٠)ڕۆدا کەلەڕۆژی فەراهەم بوونی مەرجەکانی داواکاریی دامەزراندنەکەوە دەست پێ دەکات داواکارییەکە هەوالەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات. *[6]

٢. ئەگەر داخوازیەکە مەرجە یاسایەکانی تێدانەبوو دەبێت وەزیری ناوخۆ داخوازیەکەی لەو ماوەدیاری کراوەی برگە (١) ی سەرەوەدا بگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەران بۆ تەواو کردنی کەم وکوڕییەکانی و لەگشت حاڵێکدا نابێت داخوازیەکەی لەیەك جار زیاتر بگەڕێندریتەوە .

٣. ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی (90) ڕۆژدا لەڕۆژی تۆمارکردنی داخوازیەکەیەوەلەلای پەسەند کردن یا بەرەت کردنەوە بڕیاردەدا بەمەرجێ لەحاڵەتی رەت کردنەوەدا هۆیەکانی لە بڕیارەکەدا هەبن . *[7]

٤. لەحاڵەتێکدا داواکارییەکە لەو ماوەیەدا کەلەبڕگەی (٣)ی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا دیاری کراوە نەبڕێندرایەوە و ماوەکەش بەسەر چوو، ئەوا دەستەکە بۆی هەیە داواکارییەك یەکسەر پێشکەش بەئەنجومەنی وەزیران بکات، خۆئەگەر هات و ماوەیەکی هاوتای ئەو ماوەیەی لەبڕکەی (١)ی ماددەکەی سەرەوەدا هاتووە تێپەڕی و داواکارییەکە نەبڕێندرایەوە ، ئەوە لەم بارەدا داواکارییەکە بەحوکمی یاسا بەقبوڵ کراو دادەنرێت. *[8]

٥. وەزیری ناوحۆ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بەئەندامە دامەزرێنەرەکان ڕادەگەینێ.

٦. دامەزرێنەران بۆیان هەیە لەماوەی (٣٠)ڕۆژدا لەو ڕۆژەی بڕیاری ڕەتکردنەوە یان پێڕادەگەیەنرێ ناڕەزایی لەسەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بەرەت کردنەوە لەلای دەستەی گشتی دادگایی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق دەربڕن و بڕیاری دادگا بنبڕ (بتات) دەبێ.

**ماددەی هەشتەم /**

**حزب لەڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبێتە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و بۆی هەیە چالاکی خۆی بنوێنێ و لە پەیوەندی یە یاسایی یەکانیدا ئەو کەسە دەبێتە نوێنەری کە پەیڕەوی ناوخۆی دیاری دەکات .**

---

[5] بەپێی دەقی ماددەی سێ یەم لە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵ ٢٠٠٢ یاسای دووەمینە هەموارکردنی یاسای حزبەکان برگەی (٣) بۆ ئەم مادەیە زیادکرا .

[6] بەپێی دەقی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٢) ی سالی ١٩٩٧ یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان و دەقی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ یاسای هەموارکردنی یاسای حزبەکان ئەم برگەیە هەموارکرا .

[7] بەپێی دەقی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٢) ی سالی ١٩٩٧ یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان ئەم برگەیە هەموار کرا .

[8] بەپێی دەقی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٢ یاسای هەموارکردنی دووەم یاسای حزبەکانی ئەم برگەیە هەموار کرا .

**ماددەی نۆیەم /**

١. پایتەختی هەرێم، یامەڵبەندی یەکێ لە پارێزگاکانی هەرێم دەبێتە بارەگای سەرەکی حیزب و بۆی هەیە لق لەهەرێمدا بکاتەوە بەمەرجێ دەسەڵاتی پەیوەندی داری لێ ئاگادار بکرێ[٧].

٢. حیزب بۆی هەیە لق لەدەرەوەی هەرێمدا بکاتەوە بەمەرجێ دەسەڵاتی پەیوەندی داری لێ ئاگاداربکا.

٣. حیزب نابێ بارەگا لەفەرمانگە ڕەسمی یەکان و دام و دەزگاکانی حوکمەتدا بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم /**

حزب دەشێ لەگەڵ حزبێکی تردا بە پێی پەیرەوی ناوخۆی هەردوو حزب تێکەڵ بەیەکتر بن بەمەرجێ ئە نجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکرێت .

**ماددەی یازدەیەم / پێویستە لەسەر حزبەکە هەرگۆڕینێك لە پێڕۆی ناوخۆی یان بەرنامەیەکەیدا بکرێت، لەماوەی ( ٣٠ )ڕۆژدا کەلەڕۆژی گۆڕینەکەیەوە دەست پێ دەکات ئە نجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکات ، ئە نجومەنی وەزیرانیش ئەگەر بۆی دەرکەت کە ئەو گۆڕینە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مەبەستی نیشتمان پەروەریی دامەزراندنەکە یان خرا پەی بۆپێڕۆی گشتی و ئادابی گشتی لەهەرێمدا دەبێت، ئەوە لەو بارەدا بۆی هەیەمۆڵەتی حزبەکە بکێشێتەوە، حزبەکەش بۆی هەیە لەماوەی ( ١٥ ) پازدە ڕۆژدا کە لە ڕۆژی ئاگادار کرد نەوەی دەست پێ دەکات لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم تانەی لێ بدات و بڕیاری دادگاش بنبڕە .*[٩]**

**ماددەی دوازدەیەم /**

١. نابێت دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵینەوەرانی دادگەری بچنە ناو حزبەکانەوە و هەرکامێکیان لەحیزبێکدا بێدەبێ لەماوەی ( ٣٠ )ڕۆژدا لەڕۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایەوە واز لەفەرمانەکەی یا لەحیزبەکەی بێنێ.

٢. نواندنی کاری حیزبایەتی لەداموو دەزگاکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە .

**ماددەی سیازدەیەم /**

**حزب ئەم مافانەی دەبێت**

١. بەمۆڵك کردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەدیهێنانی ئاما نجەکانی خۆی. ئە نجومەنی وەزیرانیش بۆی هەیە بەشێوەیەکی کاتی ئەو هۆیانەی لێ ببڕێتخۆئەگەر هاتوو لەتیگەیشتنی نیشتمانی لای دا یان دژ بە ڕێنوێنییەکانیئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ڕەفتاری کردو پێویست بەوە کرا کە ئەو هۆیانی بەشێوەیەکی بەردەوام لێ ببەسترێ، ئەوە لەو بارەدا ئە نجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەواڵەی دادگاکانی بکات.*[١٠]

---

[٩] بەپێی دەقی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم ماددەیە هەموار کرا .

[١٠] بەپێی دەقی ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم برگەیە هەموار کرا .

٢. سازدانی هەرکارو کردارێکی یاسایی و موڵکدارێتی هەرماڵ و موڵکێکی گوازراوەو نەگوازراوە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی .
٣. سازدانی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن بەئاشتی و بە پێی یاساو بەئاگاداری ودەسەڵاتی پەیوەندیدار.
٤. ڕێکخستنی میهرەجان و ئاهەنگ و کۆڕی ژیاندنەوەی بۆنەکان .
٥. کۆکردنەوەی پیتاك و قبوڵکردنی بەخشیش و یارمەتی ناوخۆ.
٦. قوبوڵکردنی ماڵ و موڵکی عەینی وکاش لەهەر لایەنێکی دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندیی ئە نجومەنی وەزیران دەبێ. *[11]

**ماددەی چواردەیەم /**

١. ئەو دەسەنگەیەیەی کەلەبوجەی هەرێمدا بۆ حزبەکان دادەنرێت ، بە پێی بەندو بەستێك کەئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق بڕیاری دەدات دابەش دەکرێت .
٢. حزب خۆی ئەموالی خۆی هەڵدەسوڕێنێ لەبوجەیەکی ساڵانەوە کە بە پێی ئەو پێڕۆ ژمێرییارییە ڕێکدەخرێت کەفەرمانگە فەرمییەکانی هەرێم لەسەری دەڕۆن. *[12]
٣. ژمێریاری حزب مل کەچ دەبێت بۆچاودێری دارایی لەهەرێمی کوردستانی عیراقداو، حزب پێویستە لەسەری هەرپارەیەکی لەدەرەوە هەبێت یان بیەوێ لەدەرەوە بیهێنێ یان هەوالەکردنی قبوڵ بکات دەسەڵاتە پەیوەندی دارەکانی لێ ئاگادار بکات .

**ماددەی پازدەیەم /**

**حزب پابەندی ئەم کارانە دەبێت:**

١. نەبزکردنی ئیرهاب بەهەموو شێوەکانییەوە .
٢. ڕێزگرتن لەیاساکان و پاراستنی سەبەخۆیی دادوەری .
٣. دام و دەزگاسەربازی و شێوە سەربازی نەبێ و لێی قەدەغەیە چەکی بە پێچەوانەی یاساوە هەبێ.
٤. نەنواندنی چالاکی یەك کە پێچەوانەی بەرنامە ڕاگەیەنراوەکەی بێ .
٥. ڕێزگرتن لەسیستەمی گشتی داب و نەریتی گشتی .

**ماددەی شازدەیەم / حزب بۆی هەیە بە پێی حوکمەکانی پێڕۆی ناوخۆی ، خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لەماوەی ئەو پەڕی ( ٧ ) ڕۆژدا کە لەڕۆژی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەکەوە دەست پێ دەکات وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بکات .*[13]**

---

[11] بەپێی دەقی ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم برگەیە هەموار کرا .
[12] بەپێی دەقی ماددەی حەوتەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم ماددەیە هەموار کرا .
[13] بەپێی دەقی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم ماددەیە هەموار کرا .

**ماددەی حەڤدەهەم /**

.١دەشێ بەبڕیارێکی دادگای کەلەدادگای پەیوەندی دارەوە دەرچووبێ حزب هەڵبوەشێنرێتەوە بەداوایەك کەوەزارەتی ناوخۆ لەسەری کردبێتییەوە لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمێ لەحوکمەکانی ئەم یاسایە یان دوای تێپەڕبوونی ( ٦ )شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بەبێ ئەوەیئەو چالاکییانەی خۆی بخاتەکار کە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیدا هاتووە یان بەبێ هۆکاری بەجێ لەوماوەیەدا لەچالاکیی خۆی بکەوێ. *[١٤]

٢. بڕیاری دادگا ملکەچی تانووت لێدانی پێداچونەوە دەبێت لەلای دەستەی گشتی پێداچونەوەی هەرێمیکوردستانی عیراق لەماوەی ( ٣١ )ڕۆژدا لەڕۆژی پێراگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشانەوەکە و بڕیاری دادگای پێداچوونەوە بنبڕ( بات )دەبێت.

**ماددەی هەژدەهەم/**

لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی حزبدا ماڵ وموڵکی گوازراوەو نەگوازراوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پاکو دەدرێت.

**ماددەی نۆزدەهەم/**

دەبێ ئەو حزبانەی کەهەن لەماوەی سێ مانگدا لەڕۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایە وە بارودۆخی لەگەڵ حوکمەکانیدا بگو نجێنن.

**ماددەی بیستەم/**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدەربکا.

**ماددەی بیست و یەك /**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بکا .

**ماددەی بیست و دوو/**

دەبێت ئە نجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات .

**ماددەی بیست و سێ/**

ئەم یاسایەلەڕۆژی بلاْو کردنەوەیلەڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.

---

[١٤] بەپێی دەقی ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٢یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی ئەم برگەیە هەموار کرا .

**جەوهەر نامیق سالم**

**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**

**یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی –عێراق ژمارە ( ١٧ )ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هەموارکردنەکانی بە پێی یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٩٧ یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان و یاسای ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠٠٢ یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان .**

**پاشکۆی یەکەم :**

**دەقی ( یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ( ١٩٩٣ ) ی حزبەکانی هەرێمی کوردستان )**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ژمارەی دەرچوو : ٧**

**ڕۆژی دەرچوون : ٢٠٠٢/٥/٨**

**پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی ( ١٠ )ی ماددەی ( ٥٦ ) و ماددەی ( ٥٣ ) لە یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ١٩٩١ ) هەموارکراو ، و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندی ئە نجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئە نجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ٤ ) ی ڕۆژی ( ٢٠٠٢/٥/٧ )یدا ئە نجامی داوە ، بە پێی ئەو دەسەلاٌتەش کە بڕگەی ( ٣ ) ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی ( ١٩٩٧ ) پێمان دراوە ، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی خوارەومان دا .**

**یاسای ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٢ )**

**یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ( ١٩٩٣ ) ی حزبەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم :**

**بڕگەی ( ١ ) ی ماددەی دووەم هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوی لیٚ دێت :**

**١–هەرهاووڵاتیەك لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەمیشەیی ئەم هەرێمە، ئەوانەی کەمەرجەکانیان تێدا فەراهەمە مافی بەشداربوونی دامەزراندنی حزب گەلیان هەیە .**

**ماددەی دووەم :**

**ئەم بڕگەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەم زیاد دەکرێ ، و زنجیرەکەی دەبێت ( ٦ ) وەك ئەمەی خوارەوە :**

**٦– بە مەرجیٚ بەرنامەو پێرۆ ناوخۆییەکەی پێچەوانەی پێروی گشتی نەبێت .**

**ماددەی سێ یەم :**

**بڕگەی ( ١ ) ی ماددەی شەشەم هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :**

**بۆ دامەزراندنی حزب وچالاکی نواندن مەرجە .**

**١.داواکارییەکی نووسراو دەدرێت بەوەزیری ناوخۆ کەئەندامانی دامەزرێنەر واژۆیان کردبێ و لە ( ٥٠ ) ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسین بەتەواوی و بەباشی بزانن و تەمەنیان لە( ٢٥ ) ساڵ کەمترنەبێ و، هاوڵاتیانی دۆستیش کەژمارەیان لە ( ٥٠٠ )هاوڵاتی کەمترنەبێت زۆرینەیان خوێندنەوە و نووسین بەباشی بزانن و تەمەنیان لە ( ١٨ )کەمتر نەبێت و، ئەندام و دۆستیش نابێ بەتاوانێکی یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درابن و، ناشبێ لە تاوانگەلێکدا بەشدار بووبن کەدەسەلاتی سەرکوتکار پیلانی لەکوردستاندا بۆ دانابێ. یان ئە نجامی دابێ، پێویستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ و لەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکەو پێڕۆی ناوخۆشی پێوەبێ.**

**٢.داخوازیەکەی برگە( ١ )ی برگەی سەرەوە ناوو لەقەب تەمەن پیشەو شوێنی نیشتە جێی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری وهەردۆستێکیشی تێدابێ لەگەڵ ناوی حزبەکە کە نابێ‌وەك ناوی هیچ حزبێکی تر بێ.**

**٣ .دەستەی دامەزرێنەر پێویستە هاوڵاتی گەلێکی تێدابێ بە نیشتیمان پەروەر ناسراو بن، و لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا هەبووبێت، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی بێ کە ئەوانەی دەیانەوێت بەدڵ هاوبەشی لەفەرمانی نیشتمانیدا بکەن و هاوبەش بوونی هاوڵاتیانیش لەژیانی سیاسی هەرێمدا لەچوارێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی تایەتیدا ڕێك بخەن، تێبینی جۆراو جۆری جوگرافی نیشتەجێ بوون و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ.**

**ماددەی چوارەم :**

**بڕگەی( ١ ) و بڕگەی ( ٤ ) لە ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێن وەك ئەمەیان لێ دێت :**

**١- پێویستە وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێت کەداواکاری دامەزراندنەکە ئەو مەرجانەی بەجێهێناوە کە دەقەکانیان لەماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، لەماوەی ( ٩٠ )ڕۆدا کەلەڕۆژی فەراهەم بوونی مەرجەکانی داواکاریی دامەزراندنەکەوە دەست پێ دەکات داواکارییەکە هەواڵەی ئە نجومەنی وەزیرانی بکات .**

**٤-لەحاڵەتێکدا داواکارییەکە لەو ماوەیەدا کەلەبڕگەی ( ٣ )ی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا دیاری کراوە نەبڕێندرایەوە و ماوەکەش بەسەر چوو، ئەوا دەستەکە بۆی هەیە داواکارییەك یەکسەر پێشکەش بەئە نجومەنی وەزیران بکات، خۆئەگەر هات و ماوەیەکی هاوتای ئەو ماوەیەی لەبڕکەی ( ١ )ی ماددەکەی سەرەوەدا هاتووە تێپەڕی و داواکارییەکە نەبڕێندرایەوە ، ئەوە لەم بارەدا داواکارییەکە بەحوکمی یاسا بەقبوڵ کراو دادەنرێت .**

**ماددەی پێنجەم :**

**ماددەی یازدەم هەمواردەکرێت وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت .**

**پێویستە لەسەر حزبەکە هەرگۆڕینێك لە پێڕۆی ناوخۆی یان بەرنامەیەکەیدا بکرێت، لەماوەی ( ٣٠ )ڕۆژدا کەلەڕۆژی گۆڕینەکەیەوە دەست پێ دەکات ئە نجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکات ، ئە نجومەنی وەزیرانیش ئەگەر بۆی دەرکەت کە ئەو گۆڕینە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مەبەستی نیشتمان پەروەریی دامەزراندنەکە یان خراپەی بۆپێڕۆی گشتی و ئادابی گشتی لەهەرێمدا دەبێت، ئەوە لەو بارەدا بۆی هەیەمۆڵتی حزبەکە**

بکێشێتەوە، حزبەکەش بۆی هەیە لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا کە لە ڕۆژی ئاگادار کرد نەوەی دەست پێ دەکات لە دادگای پێداچوونوەی هەرێم تانەی لێ بدات و بڕیاری دادگاش بنبڕە .

**ماددەی شەشەم :**

بڕگەی (١) و بڕگەی (٦) لە ماددەی سیازدەی هەمواردەکرێن و وەك ئەمەی خوارەویان لێ دێت :

١-بەموڵك کردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەدیهێنانی ئاما نجەکانی خۆی. ئە نجومەنی وەزیرانیش بۆی هەیە بەشێوەیەکی کاتی ئەو هۆیانەی لێ ببڕێتخۆئەگەر هاتوو لەتیگەیشتنی نیشتمانی لای دا یان دژ بە ڕێنوێنییەکانیئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ڕەفتاری کردو پێویست بەوە کرا کە ئەو هۆیانی .

٦- قوبوڵکردنی ماڵ و موڵکی عەینی وکاش لەهەر لایەنێکی دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندیی ئە نجومەنی وەزیران دەبێ .

**ماددەی حەوتەم :**

ماددەی چواردەم هەمواردەکرێت وەك ئەمەی خوارەوەی لێدێت :

١-ئەو دەسەنگەیەیەی کەلەبوجەی هەرێمدا بۆ حزبەکان دادەنرێت ، بە پێی بەندو بەستێك کەئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق بڕیاری دەدات دابەش دەکرێت .

٢-حزب خۆی ئەموالی خۆی هەڵدەسوڕێنێ لەبوجەیەکی ساڵانەوە کە بە پێی ئەو پێڕۆ ژمێرییارییە ڕێکدەخرێت کەفەرمانگە فەرمییەکانی هەرێم لەسەری دەڕۆن .

٣- ژمێرياری حزب مل کەچ دەبێت بۆچاودێری دارایی لەهەرێمی کوردستانی عیراقداو، حزب پێویستە لەسەری هەرپارەیەکی لەدەرەوە هەبێت یان بیەوێ لەدەرەوە بیهێنێ یان هەوالەکردنی قبوڵ بکات دەسەڵاتە پەیوەندی دارەکانی لێ ئاگادار بکات

**ماددەی هەشتەم :**

ماددەی شازدە هەموار دەکرێت وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

حزب بۆی هەیە بە پێی حوکمەکانی پێڕۆی ناوخۆی ، خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لەماوەی ئەوپەڕی (٧) ڕۆژدا کە لەڕۆژی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەکەوە دەست پێ دەکات وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بکات .

**ماددەی نۆیەم :**

بڕگەی (١) ی ماددەی حەڤدە هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت :

١دەشێ بەبڕیارێکی دادگای کەلەدادگای پەیوەندی دارەوە دەرچووبێ حزب هەڵبوەشێنرێتەوە بەداوایەك کەوەزارەتی ناوخۆ لەسەری کردبێتییەوە لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمێ لەحوکمەکانی ئەم یاسایە یان دوای تێپەڕبوونی (٦)شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بەبێ ئەوەیئەو چالاکییانەی خۆی بخاتەکار کە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیدا هاتووە یان بەبێ هۆکاری بەجێ لەوماوەیەدا لەچالاکیی خۆی بکەوێ .

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەر کار .

**ماددەی یازدەیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا ، دەخرێتە بەر کار .

د. ڕۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق

**پاشکۆی دووەم ( دەقی یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق )**

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٧**

**یاسای هەموارکردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی یەکەم :**

ئەو ماوەیەی لە بڕگەی یەکی ماددەی حەوتدا هاتووە دەگۆڕێت و لە ( ٣٠ ) سی ڕۆژەوە دەکرێت بە ( ٩٠ ) نەوەد ڕۆژ .

**ماددەی دووەم :**

ئەو ماوەیەی لە بڕگەی حەوتدا هاتووە دەگۆڕێت و لە ( ٤٥ ) چل و پێنج ڕۆژەوە دەکرێتە ( ٩٠ ) نەوەد ڕۆژ .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بلاو دەکرێتەوە .

جوهەر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

**پاشکۆی سێیەم ( دەقی یاسا حزبەکانی هەرێمی کوردستان )**

***یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق***

***بەناوی خوای گەورەو میهرەبان***

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارە بڕیار: ٤٢

بەرواری بڕیار:١٩٩٣/١٠/١٨

**به پێی حوکمی بڕگەی ( ١ )لەماددەی ( ٥٦ )ی یاسایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ وەلەسەر پێشنیازی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق. ئە نجومەنی نیشتمانیکوردستانی _عیراق لەدانیشتنی ژمارە ( ١١ )ی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٠ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا.**

## یاسایی ژمارە ( ١٧ ) ی ساڵی ١٩٩٣
## ( یاسایی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی - عێراق )

**ماددەی یەکەم /**

**حزب رێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەویەو لەیەکگرتنێکی ئیختیاری پێك دێت لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا کەچەند بیرو باوەڕو ئاما نجێکی هاوبەشی راگیەنراولە پرۆگرامی حزبداکۆیان دەکاتەوەو هەوڵدەدەن بەڕێوشوێنی دیموکراتیانە بەدییان بهێنن.**

**ماددەی دووەم /**

**١. هەرهاووڵاتیێ یەك لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق وتیای دا نیشتەجێ بێ و مەرجەکانی تێدا هەبن مافی بەشداریکردنی دامەزراندنی حزبی هەیە .**

**2.هەر هاووڵاتیەك لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عیراق یا هەر کەسێك نیشتە وڵاتی ( اقامە ) یا هەمیشەیی تیدا هەبێ و ١٨ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و لێهاتیی یاسای هەبێت ( الاهلیە القانونیە ) مافی چونەناو هەر حزبێك و لێکشانەوەی بە پێی پەیڕەوە ناوخۆکەی هەیەی**

**ماددەی سێیەم/**

**سەربەستی دامەزراندی حزبەکان مسۆگەرەو هەر حزبێك بۆی هەیە بەتەواوی بەسەربەستیەوە چالاکی خۆی بنوێنێ و ئەم یاسایە پارێزگاری لەوە دەکات.**

**ماددەی چوارەم/**

**مەرجی بیروباوەڕو ئاما نجەکانی حزب ئەمانەی تێدابێ:**

**١ـ چەسپاندن و پەرپێدانی ئەو ماف و دەستکەوتانەی گەلی کوردستانی عیراق بەدی هێناون.**

**٢ـ چەسپاندنی بیرو باوەڕی دیموکراتی و ڕێز لێگرتنی ئەو مافانەی مرۆڤ کە لەراگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤو پەیمان و باوەڕنامە و بەیاننامە نێو دەوڵەتیەکاندا دیاری کراون، لەو ماوە دیاری کراوەی بڕگەیەکی سەرۆوەدا بگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەران بۆ تەواوکردنی کەم و کوڕیەکانی و لەگەشت حاڵێکدا نابێ داخوازیەکە لەیەك جار زیاتر بگەڕێنرێتەوە.**

**٣ـ بەدیهێنانی ئاما نجەکانی بەڕێوشوێنی ئاشتیانە و دیموکراتیانە و باوەر هێنانن بەدەست باو دەستکردنی دەسەڵات ( تداول السلگە )بە پێی پەنابردن توندو تیژی و ئیرهاب و لەخشتەبردن.**

**٤ـ بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتیانە لەژیانی حزبایەتیدا.**

**٥ـ بڵاو کردنەوەی دوبەرەکی و جیاوازی لەرەگەزو ئاین و مەزەبدا.**

**ماددەی پێنچەم/**

**حزب پابەندی ڕێزلێگرتنی ماف‌وسەربەستیەکانی هاوڵاتیان‌و حزبەکان‌و ڕێکخراوە پیشەیی‌و میللی یەکان دەبێ.**

**ماددەی شەشەم/**

**بۆ دامەزراندنی حزب وچالاکی نواندن مەرجە .**

**١.داواکارییەکی نووسراو دەدرێت بەوەزیری ناوخۆ کەئەندامانی دامەزرێنەر واژۆیان کردبێ و لە (٥٠) ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسین بەتەواوی و بەباشی بزانن و تەمەنیان لە(٢٥) ساڵ کەمترنەبێ و، هاوڵاتیانی دۆستیش کەژمارەیان لە (٥٠٠)هاوڵاتی کەمترنەبێت زۆرینەیان خوێندنەوە و نووسین بەباشی بزانن و تەمەنیان لە (١٨)کەمتر نەبێت و، ئەندام و دۆستیش نابێ بەتاوانێکی یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درابن و، ناشبێ لە تاوانگەلێکدا بەشدار بووبن کەدەسەلاتی سەرکوتکار پیلانی لەکوردستاندا بۆ دانابێ. یان ئەنجامی دابێ، پێویستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ و لەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکەو پێڕۆی ناوخۆشی پێوەبێ.**

**٢.داخوازیەکەی برگە(١)ی برگەی سەرەوە ناوو لەقەب تەمەن پیشەو شوێنی نیشتە جێی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری وهەردۆستێکیشی تێدابێ لەگەڵ ناوی حزبەکە کە نابێ‌وەك ناوی هیچ حزبێکی تر بێ.*[١٥]**

**٣ .دەستەی دامەزرێنەر پێویستە هاوڵاتی گەلێکی تێدابێ بە نیشتیمان پەروەر ناسراو بن، و لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا هەبووبێت، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی بێ کە ئەوانەی دەیانەوێت بەدڵ هاوبەشی لەفەرمانی نیشتمانیدا بکەن و هاوبەش بوونی هاوڵاتیانیش لەژیانی سیاسی هەرێمدا لەچوارێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی تایبەتیدا ڕێك بخەن، تێبینی جۆراو جۆری جوغرافی نیشتەجێ بوون و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ.**

**ماددەی حەوت/**

**٧. دەبێ وەزیری ناوخۆ وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێ لەوەی کە داخوازی یەکەمی دامەزراندن ئەو مەرجە یاسایی یانەی تێدایە کە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراون و ئەو سا لە ماوەی (٣٠)ڕۆژدا لە ڕۆژی تۆمارکردنی یەوە داخوازی یەکە رەوانەی لای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکا .**

**٨. ئەگەر داخوازیەکە مەرجە یاسایەکانی تێدانەبوو دەبێت وەزیری ناوخۆ داخوازیەکەی لەو ماوەدیاری کراوەی برگە (١) ی سەرەوەدا بگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەران بۆ تەواو کردنی کەم وکوڕییەکانی و لەگشت حاڵێکدا نابێت داخوازیەکەی لەیەك جار زیاتر بگەرێندرێتەوە .**

**٩. ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی (90) ڕۆژدا لەڕۆژی تۆمارکردنی داخوازیەکەیەوەلەلای پەسەند کردن یا بەرەت کردنەوە بڕیاردەدا بەمەرجێ لەحاڵەتی رەت کردنەوەدا هۆیەکانی لە بڕیارەکەدا هەبن .**

**١٠. ئەگەر سەرەرای بەسەر چونی ئەو ماوەیە لە برگەی سەرەوەی ئەم مادەیەدا دیاری کراوە هیچ بڕیارێك لەسەر داخوازیەکە نەدرا وا دادەنرێ کە داخوازی یەکە بە حوکمی یاسا پەسەند کرا .**

١١. وەزیری ناوحۆ بڕیارەکەی ئە نجومەنی وەزیران بەئەندامە دامەزرێنەرەکان ڕادەگەینێ.
١٢. دامەزرێنەران بۆیان هەیە لەماوەی ( ٣٠ )ڕۆژدا لەو ڕۆژەی بڕیاری ڕەتکردنەوە یان پێڕادەگەیەنرێ ناڕەزایی لەسەر بڕیارەکەی ئە نجومەنی وەزیران بەرەت کردنەوە لەلای دەستەی گشتی دادگایی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق دەربڕن و بڕیاری دادگا بنبڕ ( بتات ) دەبێ.

**ماددەی هەشتەم /**

حزب لەڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبێتە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و بۆی هەیە چالاکی خۆی بنوێنێ و لە پەیوەندی یە یاسایی یەکانیدا ئەو کەسە دەبێتە نوێنەری کە پەیڕەوی ناوخۆی دیاری دەکات .

**ماددەی نۆیەم /**

٤. پایتەختی هەرێم، یامەڵبەندی یەکێ لە پارێزگاکانی هەرێم دەبێتە بارەگای سەرەکی حیزب و بۆی هەیە لق لەهەرێمدا بکاتەوە بەمەرجێ دەسەڵاتی پەیوەندی داری لێ ئاگادار بکرێ.
٥. حیزب بۆی هەیە لق لەدەرەوەی هەرێمدا بکاتەوە بەمەرجێ دەسەڵاتی پەیوەندی داری لێ ئاگاداربکا.
٦. حیزب نابێ بارەگا لەفەرمانگە ڕەسمی یەکان و دام و دەزگاکانی حوکمەتدا بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم /**

حزب دەشێ لەگەڵ حزبێکی تردا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی هەردوو حزب تێکەڵ بەیەکتر بن بەمەرجێ ئە نجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکرێت .

**ماددەی یازدەیەم /**

حزب دەشێ لەگەڵ لە ماوەی ( ٣٠ ) ڕۆژدا ئە نجومەنی ئە نجومەنی وەزیران لە هەر گۆڕینێك لە پەیرەوی ناوخۆ یا لە بەرنامەیدا لە ڕۆژی ڕوودانی لێ ئاگادار بکرێ .

**ماددەی دوازدەیەم /**

٣. نابێت دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵینەوەرانی دادگەری بچنە ناو حزبەکانەوە و هەرکامێکیان لەحیزبێکدا بێدەبێ لەماوەی ( ٣٠ )ڕۆژدا لەڕۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایەوە واز لەفەرمانەکەی یا لەحیزبەکەی بێنێ.
٤. نواندنی کاری حیزبایەتی لەداموو دەزگاکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە .

**ماددەی سیازدەیەم /**

حزب ئەم مافانەی دەبێت

٦. ئەو ڕێ و شوێنانەی ڕاگەیاندنی هەبێ کە بۆ بەدیهێنانی ئاما نجەکانی بە پێ ی یاسا ڕەچاوکراوەکان بەکاریان دێنێ .

٧. سازدانی هەرکارو کردارێکی یاسایی و موڵکدارێتی هەرماڵ و موڵکێکی گوازراوەو نەگوازراوە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی .

٨. سازدانی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن بەئاشتی و بە پێی یاساو بەئاگاداری ودەسەڵاتی پەیوەندیدار.

٩. رێکخستنی میهرەجان و ئاهەنگ و کۆڕی ژیاندنەوەی بۆنەکان .

١٠. کۆکردنەوەی پیتاك و قبوڵکردنی بەخشیش و یارمەتی ناوخۆ.

٧. قوبوڵکردنی ماڵو موڵکی عەینی وکاش لەهەر لایەکەوە بێ لە دەرەوەی هەرێم بە ئاگاداری ی ئە نجوومەنی وەزیران .

**ماددەی چواردەیەم /**

**ئەو بەخشیشەی لە بووجەی هەرێمدا بۆ حزبەکان تەرخان دەکرێ بە پێ ی چەند پێوانەیەك کە ئە نجوومەنی نیشتمانی دیاری ی دەکا دابەش دەکرێ .**

**ماددەی پازدەیەم /**

حزب پابەندی ئەم کارانە دەبیت:

٦. نەبزکردنی ئیرهاب بەهەموو شێوەکانییەوە .

٧. رێزگرتن لەیاساکان و پاراستنی سەبەخۆیی دادوەری .

٨. دام و دەزگاسەربازی و شێوە سەربازی نەبێ و لێی قەدەغەیە چەکی بە پێچەوانەی یاساوە هەبێ.

٩. نەنواندنی چالاکی یەك کە پێچەوانەی بەرنامە ڕاگەیەنراوەکەی بێ .

١٠. رێزگرتن لەسیستەمی گشتی داب و نەریتی گشتی .

**ماددەی شازدەیەم /** حزب بۆی هەیە بە پێ ی حوکمەکانی پەیرەوی ناوخۆی خۆی هەڵوەشێنێتەوە .

**ماددەی حەڤدەهەم /**

١-دەشێ حزب بە بڕیارێکی دادوەری و لەسەر داوا ( دعوی ) یەکە کە وەزارەتی ناوخۆی دەیکا بە هۆی سەرپێچی بەوە لە حوکمێك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەڵبوەشێتەوە .

٢. بڕیاری دادگا ملکەچی تانووت لێدانی پێداچونەوە دەبێت لەلای دەستەی گشتی پێداچونەوەی هەرێمیکوردستانی عیراق لەماوەی ( ٣١ )ڕۆژدا لەرۆژی پێراگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشانەوەکە و بڕیاری دادگای پێداچوونەوە بنبڕ( بات )دەبێت.

**ماددەی هەژدەهەم/**

لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی حزبدا ماڵ وموڵکی گوازراوەو نەگوازراوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پاکو دەدرێت.

**ماددەی نۆزدەهەم/**

**دەبێ ئەو حزبانەی کەهەن لەماوەی سێ مانگدا لەڕۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایە وە بارودۆخی لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێنن.**

**ماددەی بیستەم/**

**وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدەربکا.**

**ماددەی بیست و یەك /**

**کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بکا .**

**ماددەی بیست و دوو/**

**دەبێت ئە نجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات .**

**ماددەی بیست و سێ/**

**ئەم یاسایەلەڕۆژی بلاْو کردنەوەیلەڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

**جەوهەر نامیق سالم**

**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**

**ئامادەکردنی / مافناس سلێمان مستەفا حەسەن**